## لە پەراوێزی دەستوری هەرێمدا:

کامەران ئیسحاق پەری



### ژیان ڕەنگە.....ژن بێت..؟!

- ژنانی کوردستان هێزێکی سڕکراونودەبێت بخرێنەگەڕ.

(مامجەلال)

لەماددەی 23ی دەستوری هەرێمداهاتوە

**دووەم: لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.عێراق وئەنجومەنی خۆجێی وشارەوانییەکانداڕێژەیەک بۆژنان تەرخان ئەکرێت کەلە%25 ی کورسییەکان کەمترنەبێت.**

....دەمێک بوولەکۆڕوکۆبوونەوەی ئەدیبوشیعرووێژەدۆستان خۆبەدوورخستبوو،هەرکەسێکیش داوی گەڕانەوەوئامادەبوونی یەکێک لەوبۆنانەی لێبکردمایە،پشتم تێدەکردوپێمدەگوت:هاوڕێ.ئەگەردەنگی دەهۆڵ جارێک لەدورەوە خۆش بێت ئەوا(دەنگو سەدای شیعروشعردۆستان سەدان جاربەدوری دەهۆڵ خۆشتروئارامترە)تابەرلەهەفتەیکوبەزۆری نازوزۆرداری هاوڕێیەکی ئازیزودوای پترلەپێنج ساڵ دابڕان....بڕیارمداشورای بەرزی کەلەڕەقیوناسۆرەکانی گۆشەگیریومانگرتن لەهزروئەندێشەدا لەڕەگو ڕیشەوەهەڵتەکێنمودواجاریش لەژورێکی بچوکدابومەمیوانوگوێگری ئێوارەدانیشتنێکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵێک ناووبابەت وکار لەوێندەرێ لەوژوورەبچوکوتەسکەدا...شتەکان...نازی قەسیدەکان.پەیڤەیاقوتییەکان.ڕەخنەکان جیهانی نوسینەکان تورە بونەکان سەرلێشێواوییەکان لەژمارەی کەسوئامادەبووان زیاتربوولەوئێوارە باراناوییەدائەتوانم بڵێم جگەلەنازی قەسیدەوخەمی پەیڤەکان جێگایەک بۆشاییەک.پانتاییەک بۆتێڕامانوهەڵکێشانی هەناسەساردەکان.نەمابوولێتان ناشارمەوە،هەمووکارەکان بەلای منەوە کاری جوانوبەپێزبووبەڵام یەکێکیان لەهەمووان زیاتر،کۆپلەیەکێکیان بەدەرلەهەمووئەوانەی پێش خۆی ناخی ئەهەژاند یەکێکیان لەدواساتی بەرلەوادەیکۆتایی هێنان بەدانیشتنەکەلەگەڵ خۆیداکۆتای بەهەمووشتێکی هێناوبۆمنیش بوەسەرەتاودەستپێکی سەر وتارێکی نوێم..(ژیان ڕەنگە ...ژن بێت)!؟

بەپەلەبۆئەوەی لەبیرم نەچیتەوەلەگەڵ زۆری ووشەوڕاڤەکانی ترداگوم نەبێت چەندجارێک لەسەرڕووی پەڕەیەکی زەرد نوسیمەوە (ژیان ڕەنگەژن بێت؟)،تاوتاویش لەگەڵ خۆمدائەمپرسی تۆبڵێت ژیان ژن بێتوئێمەی پیاوبێئاگابین لەوژیانە...ئەوەی ڕاستی بێت ئەم دێرەکۆتای قەسیدەیەکی خەماوی پڕلەهیواوگومانی کیژێکی تازەپێگەیشتوی جیهانی نوسینەڕەنگەهەمووتەمەنی نوسینی لەم قەسیدە یەوەدەستپێبکات..پرسیاروڕەخنەی زۆری لەناوئامادەبوانداهەژاندهێندێکیان پێیان وابووکەئەم دەربڕینەبانگێشەیەکی ژن سالاری بێت،وهەندێکی ترپێی وابووئەمەڕاڤەکردنی ناخێکی کون کونکراوی لەرزۆکەومەعشەرێکی تریش پێێ وابووئەم قەسیدە یە دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی ناسۆرەکانی ژنە...ژن لەکۆمەڵیکدا کەقێزلەڕەگەزی مێینەدەکات.من دەمویست بزانم ئەگەرژن ژیان نەبیت ئەی چییە؟دایکە!..یاخودخوشکە!...هەستە؟ ڕاستییە؟فریشتەیە؟یائەژدیها؟.!یاهیچیانەوئەویش هاوشانی باقی کاڵاکانی ناوماڵ بۆجوانکاریوڕازاندنەوەی ژیانمانهاتۆتەئاراوە.دەمویست بزانم ژن لەئەجەندەوبیروداڕێژەرانیدەستوری هەرێمداچییە؟ بونەوەرێکی کەمئەندامە؟ یاخودمرۆڤێکی کاڵفام؟ یاخود هیچیانەوبۆتەتەوقوبەملی سیاسییەکانی کوردەوەئاڵاوە..ئەگەربەوردی بڕوانینەماددەی 23ی دەستوری هەرێمی کوردستان،سەرنجی ئەوەدەدەین کەژن بەم دیاریکردنی ڕێژەوژمارەیە لەبەشداری کردنوڕۆڵ بینینداماڤی بۆدەستەبەرنەکراوەبگرەلێی زەوت ئەکرێت،بەدوریشی مەزانن ئەگەرلەناوناخوهزری دەستورنوساندا بەکەم ئەندامو‌هاوڵاتی پلەدوو ناونەبرابێت چمکێکم ئەگەرمەبەست لەدانی ماف بێت بەژن ئەوا هەرگیزماف پێدان بەمنەتەوە ناچیتەسەر...هەق نییەژنان بچنەژێرباری هێچ ڕێژەیەکی دیاری کراووئەم منەتەقبوڵ بکەن ماف کەخرایەخانەی منەت لەماف دەرئەچێتو.دەمرێت لەماف دەرئەچێتوئەچێتەخانەی بەزەییەوە.ژنان بۆدەستەبەرکردنی مافەکانیان ،یاخودبۆجێخۆشکردنیان لەناو دەسەڵاتدانابێت پابەندی ڕێژەوژمارەیەکی دیاری کراوبن.ژنان ئەبێت خۆیان هەوڵ بدەن،خۆیان پێدابگرن بۆدەستەبەرککردنی

مافەکاننیان.نەوەکاوەک سواڵکەرێکی چەلوزچاوەڕێی زەکاتو سەدەقەی زیادکردنی ڕێژەی بەشداریکردنەکەیان بن من نمونەیەکی هەمیشەزیندووی مێژوی بزاڤی فێمینیستی سویدیم لەبەردەستدایەکەئەکرێت لەم باسەمداجێگەی بکەمەوە..ژنانی سوید بەوهەمووئازادیو یەکسانیو مافانەی‌لەچوارچێوەی فیمینزمی سویددیدا کەبۆیان فەراهەمکراوە بەچواردەساڵ لەپاش پیاومافی بەشداریکردن‌خۆپاڵاوتنودەنگدانی هەبوولەهەڵبژاردنی پەرلەمانوشارەوانییەکانی سویدائینجاکونێ لەدوای زیاترلەهەشتاساڵ خەباتوتێکۆشانی نەپساوەلەساڵی 1998دا توانیان 149 کورسی لەسەرجەمی 349کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنن وڕێژەی یەک لەسەرسێی ئەندامانی پەرلەمان پێکبهێنن ...وەئەوەی کەپێویستە ژنانی کوردستان لێی بەئاگابن ئەوەیەهەتائەمڕۆکەش ژنانی زۆرێک لەوڵاتانی خۆرئاوای مۆدێرنومەدەنیخواس لەسەروو هەمووشیانەوە سوید کرێی کاری ژنان لەچاوپیاوکەمترە.. کەدەبوایەلەگەڵ کرێی کاری ڕەگەزی دووەم کەپیاوە.یەکسان بێت.لەوەش زیاترڕێگەبەخۆم ئەدەموئەڵێم هەتاپیاو دەمڕاستو پێشەوای خەباتی ژنان بێت!ژنان هیچ ناکەن بەهیچوئەوەی هەشیانەلەدەستی ئەدەن.من پێم سەیرەکەئەمڕۆکەوروژمێکی نوێی جەنگاوەروخەباتگێروداکۆکی کەرلەمافی ژن هاتۆتەکایەوەدەیەوێت ماف لەسەربنچینەی یەکسانی لەگەڵ پیاودابەدەست بکەوەێت.. قەدیش بیرلەوەنەکراوەکەژن ماف لەسەربنچینەی ڕەگەزوتوخمو تواناکانی خۆی بەدەست بکەوێت.کێشەی کۆمەڵگابەگشتی وژنی نەخۆش ئەوەیەکەبەگومان بێت لەداواکارییەکانیونەزانێت داوای چی ئەکاتوچی لەبارەبۆژنان.زۆری ئەودروشموبانگێشانەی کەژن ئەمڕۆکەکردونیەتی بەپردێک.سونبولێک بۆپەڕینەوەبۆدورگەیەکی ئارام لەڕاستیدائەگەربیشی دەیتێ پێی قابڵ نابێتوڕەنگە بەنەزانی دژایەتیشیان بکات.من نامەوێت ژن وەک بونەوەرێکی بەسەسزمانی هێچ نەزان تەماشابکرێت..بەڵام کەژن بە نوکتەوگاڵتەیەکی پیاوهەڵچیتوخۆی تورەبکات..ئیدی بەدوری نازانم منیش بەدوژمنی خۆی نەزانێتوتۆمەتی پیاوێکی زەبربەدەستم نەخاتەپاڵ..لەکۆتایدائەمەوێت بڵێم هەرکاتێک ژن شەرمی نەکردلەوەی کەبڵێت ژنم..هەرکاتێک شەرمی نەکردبڵێت تەمەنم ئەوەندەیە.هەرکاتێک نەعلەتی لەڕەگەزوتواناعەقڵییەکانی خۆی نەکرد ... ئەوائەوکات ئەتوانیت یەکسانی لەگەڵ پیاودا بۆدەستەبەربکەیت.

پەراوێز

ـ دەقی وتەی مامجەلال لەکردنەوەی کۆنفرانسی مەڵبەندی هەولێر بڕوانەکوردستانی نوێ ژمارە1833 چوارشەممە7.04.1999 لاپەرەیەک ویازدە.


ـ بڕوانەدەقی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان ماددە23

ـ ژنانی سوید بۆیەکەم جارلەساڵی 1921 داتونایین بەشداریلەهەڵبژاردنەکانی ئەووڵاتەبکەن پێشترپیاولەساڵی 1907 بۆیەکەم جارئەو مافەی بۆدەستەبەرکراوە.

ـ گەلێ جارژن لەگوتنی تەمەنی خۆی بەراستی شەرمی کردوەیاخودهەوڵی شاردنەوی داوە..ئەگەربەنوکتەش باس لەودیاردەیەکرابێت ئەوا ڕەنگەدڵرەنجانی بەدواوەوبێت.وەک ئەوەی کەلەبەرنامەی چاوی سێهەمداهات کەتیایداسەرنوسەری ڕۆژنامەی ئاسۆگوتی (تیراژی ڕۆژ نامەکانی کوردستان وەکوتەمەنی کچانی لێهاتوەکە بەڕاستی نایدرکێنێت.)

ـ خاوەنی ئەوقەسیدەیە خانمێکەبەناوی هەڵاڵە

ـ ماڵپەری ژننامەکەماڵپەرێکەگرنگیوبایخ بەژنان دەدات.. ڕاپرسییەکی بڵاوکردۆتەوەتیایداپرسیاردەکاتودەڵێت (پێویستە ژنان بۆ چەسپاندنی مافەکانیان لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەییدا)(چاوەڕێ بکەن)یاخود (پێدابگرن)لەکۆی 249 دەنگ ئەنجامەکەی بەم شیوەییەی خوارەوەهاتوە تابەرواری 29.10.2006 .




ئەم بابەتە لەبەرواری 27.10.2006 نوسراوە